Rega Sports

ریگا Sports

♦ ژمارە (١٧١) ♦ چوارشەممە ١/ ٩/ ٢٠١٠




## پاتۆیان نەدایە بەرشەلۆنە...

# زلاتان: میلان باشترین یانەیەو خاوەن باشترین هێرشبەرەکانی جیهانە

دوای ئەوەی لەیانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیەوە بەرەو ریزی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی چوو، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی یاریزانی نوێی میلان لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەنالی تەلەفزیۆنی ئیتاڵی sky sports 24 گوتی: ئێستاکە من لەباشترین یانەی ئیتاڵیاو ئەوروپا یاری دەکەمو خۆشحالیشم بەوەی لەیانەیەکدا یاری دەکەم حالی حازر خاوەنی باشترین هێرشبەرەکانی جیهانە. گوتیشی: ٤مانگ خەریکی دانوستانبووم لەگەڵ یانەی میلان، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئیبراهیمۆڤیچ گوتی: کاربەدەستانی یانەی بەرشەلۆنە داوای بۆند مۆرکردنیان لەگەڵ پاتۆ کرد بەلاّم میلان ئەو داوایەی بەرشەلۆنەی رەتکردەوە، لەکۆتایدا زلاتان وتی: شانازی بەوە دەکەم درێسی سێ یانە ناودارەکەی ئیتاڵیام لەبەرکردووە. جێی باسی زلاتان پێشتر یاری بۆ هەردوو یانەی یۆڤنتۆسو ئەنتەرمیلان

## بیلیە بە باشترین یاریزانانی جیهانی دانا...

# فۆرلان: هەتا لە ئەوروپادا یاری بکەم تەنها بە درێسی ئەتلەتیکۆ دەمبینن



دیگۆ فۆرلانی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئۆرگوایی و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی ASی ئیسپانی گوتی: چەندین بۆندم لە دوای مۆندیال پێشکەشکراوە، بەلاّم من نامەوێ ریزی ئەتلەتیکۆ بەجێ بهێڵم، پاشان فۆرلان گوتی: هەتا لە ئەوروپادا یاری بکەم، ئەوا تەنها بە درێسی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەمبینن و ناچمە ریزی هیچ یانەیەکی دیکە، سەبارەت بە لێدوانەکەی بیلیەی پاشای تۆپی پێی جیهانیش کە گوتویەتی فۆرلان باشترین یاریزانی جیهانە، لەم بارەیەوە فۆرلان گوتی: ئەم لێدوانەی بیلیە زیاتر هانم دەدات کە ئەوەی لە توانامدایە پێشکەشی بکەم.




## ئەدیبایۆر: یاری دەکەم یان دەڕۆم!

# مانچستەرستی: بێ دەنگبە، ئێمە مووچەکەت پێ دەدەین!

ناکۆکییەکانی نێوان یاریزان ئیمانوێل ئەدیبایۆرو یانەی مانچستەرستی درێژە دەسێنێ، نەخاسمە دوای ئەوەی ئەدیبایۆر رایگەیاند کە ئەو ئامادەنییە لە زۆربەی یارییەکان لەسەر کورسییەکانی یەدەگدا دابنیشێو گوتی: ئەگەر یاریم پێ نەکەن ئەوا بەرەو یانەیەکی دیکە دەچم، لە وەلاّمی ئەم لێدوانەی ئەدیبایۆردا، برایان ماروودی بەڕێوەبەری تۆپی پێ لە یانەی مان ستی بە دەزگاکانی راگەیاندنی راگەیاند، کە ئەدیبایۆر دەبێ ئەوە بزانێ ئەو بۆندی لەگەڵماندا مۆرکردووەو ئێمە مووچەی تەواوی پێ دەدەینو دەبێ خۆی بسەلمێنێ تاکو ببێتە یاریزانی سەرەکی.. جێی باسە ئەدیبایۆر پارساڵ بە بڕی ٢٥ ملیۆن جونەی لە ئەرسنالەوە بەرەو ریزی مان ستی هات..

## بەرلەداخستنی دەرگای گواستنەوەی یاریزانان..

# لەو (٣) یاریزانە کامیان دێتە ریزی پڵنگەکان




دوای ئەوەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ سویدی لەریزی یانەی بەرشەلۆنەو بەرەو ریزی یانەی میلانی ئیتاڵی چوو، پێشبینی دەکرێ یانە ناودارەکەی کاتالۆنیا بەر لەداخستنی گواستنەوەی یاریزانان بۆند لەگەڵ یاریزانێکی هێرشبەر مۆربکات، لەم بارەیەوە رۆژنامەی Elmondoی نزیك لە یانەی بەرشەلۆنە ناوی سێ یاریزانی بلاّوکردەوە کەئەمانەن (ماتا یاریزانی ڤالنسیا، سوارێز ئەستێرەی یانەی ئەیاکس ، رۆبینهۆی بەرازیلی)

# زێدان : لەهێرشبەرەکانی ریال مەدرید نارِازییە



زێدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەڕەنسیو یاریزانی پێشووی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی TF1ی فەڕەنسی ئاماژە بەوەدەدات کەهەڵبژاردەی فەڕەنسا لەئایندەیەکی نزیکدا لەسەر دەستی لۆران بلان خۆی بەسەر هەڵبژاردەکانی دیکەی جیهان دەسەلمێنێتەوەو بەرەو بەرزکردنەوەی جامەکان دەچێتەوە، سەبارەت بەخولی فەڕەنساش زێدان گوتی: هێشتا زۆری ماوە خۆی لەقەراغ خولەکانی ئینگلتەراو ئیسپانیاو ئیتاڵیا بدات، دواتر باسی لەیانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کردو گوتی: لەگەڵ ئەوەی لەم دواییە بۆندیان لەگەڵ چەند یاریزانێك مۆرکرد، بەلاّم هێشتا لەریزی هێرشبەریدا کەلێنێکی گەورە لەریزی ریالدا دەبینم و ئەگەر هەفتەی دادێ بۆند لەگەڵ هێرشبەرەکی بەتوانا مۆر نەکەن ئەوا سیناریۆی یاری مایۆرکا بەسەر ریالدا لەزۆر یاری دیکە دووبارە دەبێتەوە.. ئەمەو زێدان نەیویست ناوی کەس بهێنێتو گوتی: ئەوەندە دەڵێم ریال مەدرید پێویستی بەیاریزانێکی گۆلکارە، نەك یاریزانێك لە ٥هەلدا نەتوانێت گولێك تۆمار بکات..

## پەریخان جاف:

# هاندەری هەڵبژاردەی بەرازیل ویانەی ریال مەدریدم



نکۆڵی لەوە ناکرێ لەم چەند ساڵەی رابڕدوو وەرزش تەنها لەچەند شوێنێکی تایبەت بەخۆی ئەنجامدەدرا، بەتایبەتی یەك دوو یاریگای وەرزشیی هەبوو کە هەموو یاریزانان بۆ هێنا دی حەزوو ئارەزووەکانیان روویان لەیاریگا دەکرد،بەلاّم ئێستا بەپێچەوانەوە بگرە دوای روخانی ریژێمی بەعس چەند هول ویاریکای وەرزشیی لەسەرتاسەری کوردستان دروستکرا، لەدیمانەیەکی تایبەتدا رووبەرووی خاتوو (پەریخان فارس جاف) بووینەوە وسەبارەت بەئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەدروستکردنی چەندین هۆل ویاریگا بۆ ئەم تەوەرە خاتوو(پەریخان ) گوتی : هەمووومان ئەو راستیە دەزانین بەلاّم مەرج ئەوەیە کە بۆچی تائێستا هولێکی تایبەت بەئافرەتان دروست نەکراوە، بۆیە داواکارم بایەخ وگرنگی تەواو بەئافرەتان بدرێت تا ئەوانیش لەهێنانە دی حەزوو ئارەزووەکانیان سەربەست بن، گوتیشی : من خۆم وەرزش ناکەم ،بەلاّم موتابعەی خول وپالەوانیەتیەکان دەکەم،هەر بۆیەش هاندەری هەڵبژاردەی بەرازیل ویانەی ریال مەدریدم و بەیاریزان کاکای بەرازیلی زۆرسەرسامم.

ئا: نارین وەیسی

# ئەنێستا: ئێمە برسی جامەکانینو نالێم باشترین یاریزانی جیهان نیم

ئەندرێس ئەنێستای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشەلۆنەو هەڵبژاردەی ئیسپانیا، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ئەلمۆندۆ ئاماژەی بەوەدا کە یانەی ریال مەدرید لەم وەرزەیەدا رکابەرێکی سەختی یانەی بەرشەلۆنە دەبێتو رووبەرووبەڕوونەوەی یەکجار قورس دەبێتو گوتیشی:




ریال مەدرید ئەمساڵ هەردەم بە دواماناوە دەبێتو رکابەریەکی بەهێزمان لەگەڵدا دەکات، گوتیشی: ریال مەدرید ئێستاکە یاریزانەکانی برسی نازناوەکانن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لێیان ببەینەوە، دەبێت ئێمەش خۆمان بە برسی نازناوەکان دابنێین، دەربارەی داڤید ڤیاش ناوبراو گوتی: یاریزانێکی یەکجار بەتوانایەو بەر لەوەی یاریزانی بەرشەلۆنەبێت هاورێیەکی نزیکی منە. دواتر لە وەلاّمی ئەوەی ئاخۆ ئەو شایستەی ئەوەیە ئەمساڵ بە باشترین یاریزانی جیهان هەڵبژێردرێ؟ لە وەلاّمدا ئەنێستا گوتی: نالێم شایستەی ئەوەنیم ببمە باشترین یاریزانی جیهان.

## تۆتنهام و مان ستی دوورخستەوە..

# تیۆ والکۆت: جامی پریمەر لیگ لەنێوان 3 یانەدایە



لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی itvی ئینگلێزی تیۆ واکلۆتی ئەستێرەی یانەی ئەرسناڵی ئینگلێزی سەبارەت بەچانسی یانەکەی لەبەدەستهێنانی جامی پریمەرلیك گوتی: ئەرسناڵ هەردەم پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی جامی پریمەرلیگ، گوتیشی: کێ بڕکێی بەرزکردنەوەی جامی پریمەرلیگ لەنێوان ئێمەو چێلسیو مانچستەر یوناتید دەبێتو تۆتنهام مانچستەر ستیش بەپاڵێوراوی جامەکە نازانم.